کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
29-8-2007 12:42بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**بە ڕێز کاک عومەر فارس بەڕێوەبەری کوردستان نێتی خۆشەویست (خەرمان بەرەکەت) ... باوکی شازاد**

برای بەڕێزم مانگ لە چواردەبێت پێویست بە ئەنگوست ناکات ئەوەی کە ڕوون و ئاشکرایەو لە پێش چاوی هەموومانە ڕۆژانە دەبینین کە چەندین بابەتی نوێ بڵاو دەکرێتەوە لە سایتی کوردستان نیتی کوردان هەر هەمووشیان بابەتی شیاوو ڕێک و پێکن وە پیاو حەز دەکات بەریان لی بگرێت و بیانخوێنێتەوە ئەوەش نیشانەی ماندوبوونی جەنابتانەو دەلالەت لەوە دەکات کە چەندە هەستی کوردانەتان بەرزە و بەبی بەرامبەر ئەو کاتە بەنرخەی خۆتان تەرخان کردوە بۆ مەسەلەیەکی گرنگ ئەویش سەرکەوتن و پێش کەوتنی گەلەکەمانە لە هەموو بوارێکەوەو خەڵک ڕۆشنبیر کردنە بە هۆی بڵاو بوونەوەی زۆر بابەتی بەپێزی هەمەجۆرەوە توانیوتانە جێگای خۆتان بکەنەوەلە ناودڵی خوێنەران وابزانم لە ئەوڕوپا کات شتێکی موقەددەسەو بە تایبەتی کاتی پشوو دان و کاتی ماڵ و مناڵ، دیارە جەنابیشتان ڕۆژانە نزیکەی 12 کات ژمێر خەریکی ڕێکخستن و هەڵبژاردنی بابەتاکانن بەڕاستی کارێکی زۆر سەختەو پێویستە مرۆڤ زەوقێکی زۆری هەبێت تاکوو ئەو کارە ئەنجام بدات لەبەر ئەوەی زۆر بابەت هەیە لە لایەنی هونەریەوە پێویستی بە دەستکاری هەیە من خۆم دەزانم هەتا بابەتێک دەنووسم چەندە پێوەی خەریک دەبم جاری وا هەیە پتر لە 20 کەڕەت دەیخوێنمەوەو چاکسازی تی دەکەم پاش بلاو کردنەوەی دەبینم هەندێک هەڵەم کردوە هەر نەمبینیوە.

باشە پاش ئەو هەموو ماندووبونەی جەنابت بۆچی دەبێ هەمان بابەت بۆ شوێنێکی تریش بنێرم هەمان کاتی لێ سەرف بکرێت بەڕاستی من زۆر لە بابەتەکانی کوردستان نێت دەبینم لە شوێنی تر بە هەمان ناو بڵاو کراوەتەوە باشە بۆ؟ هەر بابەتێک نزیکەی حەفتەیەک لە سەر لاپەڕەکە دەمێنێتەوە هەمووشمان ڕۆژانە بەناو هەموو سایتەکاندا دەگەڕێین، بۆیە من پشتگیری لە ناڕەزاییەکەی جەنابت دەکەم وە هیوادارم گشت هاوڕێ نوسەرەکانمان گوی بگرن لە گلەییەکەتان وەبە هەند وەربگیرێت تاکوو ئێوەش هەست بکەن ماندو بوونەکەتان بە فیڕۆ نەڕۆیشتوەو دڵنیا بن خوێنەران بە گەرمی بابەتەکان دەخوێننەوە، بەڵام کە بابەت بوو بە خاوەنی چەند شوێنێک پیرێژن ووتەنی دەبێت بە (بنێشتی جووراو) کەس حەز ناکات بەکاری بێنێت کەواتە با هەموومان بەیەکەوە هەوڵ بدەین ئەو دیاردەیە بن بڕ بکەین وهەرچەندە بابەتەکەش گرنگ بێت پێویست ناکات لە چەند شوێنێک بڵاو بکرێتەوە با دڵی خاوەن سایتەکانمان لێ نەیەشێت چونکە مافی خۆیانە ئەوانیش ببینن بەرهەمەکانیان بڵاو بۆتەوەو خەڵک لە کارەکانیان ڕازین ئەو کاتە ماندوبوونەکەی خۆیان لە بیر دەچێتەوەو زیاتر ئەکتیڤ دەبن بۆ ڕۆژی دوایی شتی تازەو نوێمان بۆ بڵاو دەکەنەوە، کاتێکی خۆش بۆ هەمووان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.